

# با گلەیی لەخۆمان بکەین

نووسینی: ئیدریس عەبدوڵڵا
نیگار: هەژار سەڵاح

هەموو بەیانییەک زوو کە(گوێدرێژ) بەرەو کێڵگە دەچوو، پێی لە (کەروێشک) دەناو ئازاری پێ دەگەیاند..
هەفتەیەک بوو هەموو ڕۆژێک ئەوە دووبارە دەبووەوە، کەروێشک بیری دەکردەوە چۆن تۆڵەی خۆی لە گوێدرێژ بکاتەوە، چونکە چەندی بە گوێدرێژ دەڵێ (ئاگاداربە پێم لێ مەنێ)، گوێدرێژ تێناگات و ڕۆژانە هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە.



گەورەی کەروێشکان هەستی بەمەکرد، بۆیە لە کەروێشکی پرسی: بەنیازی چۆن ئەو کێشەیەی نێوان خۆت و گوێدرێژ چارەسەر بکەیت؟
کەروێشک وەڵامی دایەوە: دەمەوێ زەبرێکی جەرگبڕی لێ بدەم، تا ئیتر جارێکی دی هەڵەی وا نەکاتەوە.
گەورەی کەروێشکان پێی گوت: ئاخر ڕۆڵە ئەمە هەڵەیە.. تۆ بۆ هەموو تاوانەکە دەخەیتە ئەستۆی گوێدرێژ؟! زۆربەی هی تۆیە کە لە سەر ڕێگا دەخەوی، بۆیە تۆ لە سەرەتا هەڵەی خۆت چارەسەر بکە، ئەوسا کەسی دیش لە هەڵە ناکەوێت.
کەروێشک ویستی قسە بکات ، گوتی: ئاخر باپیرە..
گەورەی کەروێشکان قسەکەی پێ بڕی و گوتی: ئاخرو ئۆخری پێ ناوێ ڕۆڵە، هەمووومان کەمتەرخەمین، بەڵام بەداخەوە لەباتی ئەوەی هەڵەی خۆمان ڕاست بکەینەوە، خەڵکی دیکە تاوانبار دەکەین.. ئێ ڕۆڵەکەم ئەگەر گوێدرێژ تێناگات، دەتۆ ئاقڵ بەو تێبگە.

